ئەگەر هەریەکێکتان بۆ نوێژ هات بۆ نوێژ وبینی ئیمام لە سەر حاڵەتێکی دیاریکراوە؛ ئەوا دەبێت ئەویش حاڵەتی خۆی هاوشێوەی حاڵەتی ئیمام لێبکات

لە عەلی کوڕی ئەبی تاڵب وموعازی کوڕی جەبەلەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر هەریەکێکتان بۆ نوێژ هات بۆ نوێژ وبینی ئیمام لە سەر حاڵەتێکی دیاریکراوە؛ ئەوا دەبێت ئەویش حاڵەتی خۆی هاوشێوەی حاڵەتی ئیمام لێبکات».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە]

ئەگەر یەکێک لە ئێوە هات بۆ نوێژ وئیمام (پێشنوێژ) لە سەر حاڵەتێکی دیاریکراو بوو لە ڕکوع یان کڕنووش (سجود) یان دانیشتن ئەوا با ئەویش پاش تەکبیرەی ئیحرام (ووتنی: - الله أكبر - بۆ چوونە ناو نوێژ) حاڵەتی خۆی هاوشێوەی حاڵەتی ئیمام لێبکات ئەگەر لە حاڵی وەستان یان ڕکوع یان جگە لەوانە بوو، ونابێت چاوەڕێی ئیمام بکات هەتاوەکو دەوەستێتەوە سەر پێ بۆ ڕکاتی دواتر کە خەڵکی زۆر جار وا دەکەن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11310